# چنین له دەقی کورتە چیرۆکدا

پ.ی.د.سلیم ڕشید صالح

زانکۆی سەلاحەددین/کۆلێژی پەروەردە

## پێشەکی

چنیین یان داڕشتنی کورتە چیرۆك بە شێوەیەکی گشتی پێویستی بە هونەرمەندێکی کارامەوە هەیە، بۆنیاتی هونەری کورتە چیرۆك نووسەری چیرۆك نووسەری کارامە و شارەزای زمان زانێکی سەرکەوتوی دەوێت، کە سێك کە خولیای نوسینی کورتە چیرۆکی هەبێت پێش هەموو شتێك دەبێ شارەزای بواری زمانەوانی و پرنسیپی هونەری نووسینی هەبێت لە ڕێکختسنی کەرەستەکانی زمان لە داڕشتنی دەقی چیرۆك، داڕشتن و چنینیی کورتە چیرۆك جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ چیرۆکی ئاسایی و ڕۆماندا، لەوەیاندا نووسەر دەبێ تواناو وەسفی بەسەر چڕکردنەوەی زمان هەبێت لە دابەشکردنی کەرەستە زمانیەکان بەسەر بنەماکانی چیرۆك هەر لە (کات، شوێن، پاڵەوان، ڕووداو)، ڕەنگە کەسانێك هەبن بڵێن لە چیرۆك و ڕۆماندا هەمان ئەو بنەمایانە هەن کە لە کورتە چیرۆکدا هەیە، وەلێ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بنەما یانە جیاوازە چونکە جیاوازی لە مەوداو پانتایی زەمینەکان (شوێن و کات) هەیە، پەیکەری کورتە چیرۆك لە بەهێزی گەیاندنی ناوەڕۆکە کەیەتی لە دەقێکی کورت و چڕدا، هەندێ جار نووسەر بەشێك لەو بنەمایانە دەشارێتەوە لە پێناو چڕکردنەوەداو خوێنەریش ناڕاستەوخۆ دەباتە نێو دەقی چیرۆك و واتاکەی لە نوسینی ئەو جۆرە چیرۆکەدا نوسەری خۆی پێویستە خاوەن مەرج و ئاستی ڕۆشنبیریەکی هونەری داڕشتنی زمان بێت.

## بەشی یەکەم

### چەمکی هونەری چنین

بێگومان بەپێی لێکۆڵینەوەکان زۆر لە پێناسەکان و لێکۆڵینەوەکان بۆ چەمکی چنین لەیەك نزیکن، دیارە ئەمەش یەکێکە لە ئامانجەکانی نووسەر هەوڵی بۆ دەدات یان ئەو ڕێگەیەی پێویستە بیگرێتە بەر بۆ گەیاندنی ناوەڕۆکی ڕووداوێك یان بابەتێك بەهۆی چۆنیەتی ڕێکخستنی وشەو زاراوەکان لەو پێناوەدا، هەندێك پێیان وایە توندکردن و پتەو کردنی پەیوەندییەکانی زمان بەرگکردنی بابەتەکە یە بۆ دەرخستنی ڕووداوەکە یان بابەتەکە بەشێوەیەکی کاریگەر، شێوازی چۆنیەتی ڕیزکردنی ڕووداوەکان لەناو تویی دەقدا بۆ چێژ گەیاندن و ئاسان گەیاندنە بۆ خوێنەر، مەبەست لە چنین ڕێکخستنی ڕووداوە بە پێی شێوازێکی دیاریکراو، گرنگ و بایەخی چنینش لەوکاتە دەردەکەوێت کە کێشەکانی چیرۆك یان گرفتەکانی دەگەنە لوتکەی ئاڵۆزی و نووسەر لەو ڕێگەیەوە شیکردنەوەیەك بە دەستەوە دەدات بۆ خوێنەر، لەکاتێك ململانێکان سەر هەڵدەدەن و دەردەکەون بەرەو لوتکە هەڵدەکشێن، چنین لەوێوە دەست پێدەکات و ڕووداوەکان دەگەیەنێتە لوتکەو دواتر بەرەو داکشانی و کۆتاییان دەبات، ئەوەش لە توانای نووسەرە چۆن ئەو هەڵوێستانە دەخاتە پاڵ یەك و یاخود پاش و پێشیان پێ دەکات تا دەیان گەیەنێتە لای خوێنەر و خوێنەر پەلکێش دەات بۆ بەدواداچوونی ڕووداوەکان، ئەو ڕێکخستنەش پەیوەستە بە چەند ڕێباز و یاسایەك، بەتایبەت دوای دەرکەوتنی نووسینی ئازاد و بێ سانسۆر، واتە دەتوانین بڵێین لەگەڵ هاتنی قوتابخانەی ڕۆمانسیەت ئەم جۆرە شێوازە بۆ نوسین دەرکەوت وەك داهێنانێکی نوێ بۆ خستنە ڕوی بابەتێکی دیاری کراو، چنین لە کۆندا زیاتر پەیوەست بووە بە یاساکانی دارشتنی زمان لە دەقدا[1] (الیزابیث دبل، ت: عبدالواحد لؤلؤە، ص١٠)، لە سەردەمی ئەرستۆش ئەو ڕێسایە باوبووە وەك بوارێکی ڕەخنەییش لە ڕوی تیۆریەوە، دواتریش ئیتاڵیەکان ئەو چەمکەی لای ئەرستۆ هەبوو بۆ ڕێسا کان فراوانتریان کرد، چنین وەك هونەرێك و ڕێکخەری پلانێك بەکارهاتووە بۆ دارشتنی بابەتەکان و لەبەهای بابەتە ئەدەبیەکە ی کەم کردۆتەوە لە پێناو جوانکاری زمانی دارشتن، بەڵام لە مرۆدا ئەو مەودایەی جێهێشتوە چونکە بە پێچەوانەوە بەهایەکی تری بەخشیوە بە بابەتەکە، وەك گێڕانەوەی حیکایەتێك لەسەر زار کە دەبوایە بە شێوەیەك دەست پێبکات وەك: (منیش کراسم دڕاو هیچم پێ نەبڕا) ، .. یان (ئەوانیش بەیەك شادبوونەوەو بەیەك گەیشتن) بەڵام لەگەڵ ئەو سادەیەشدا گێرەرەوە دەبوایە هونەرزانێکی باش بوایە لە گێڕانەوەکەیدا چونکە ڕووداوەکان ڕێکدەخات بۆ ئەوەی چێژ ببەخشێ بە گوێگرەکانی، لە نوسینی دەقدا، خوێنەر لە ڕێگەی چنینەوە ئاگاداری ناوەڕۆکی ڕوداو دەبێت، هونەری چنین پاڵنەریکی بەهێزی خوێنەر دەبێت بۆ ئەوەی بە ووردی بەدوای یان شوێن هەڵگری نوسەر بێت لە چۆنیەتی دەربڕینی ڕووداوەکان، شێوازی چنینی چیرۆك ئاستی سۆزی خوێنەر بۆ بابەتەکە دیاری دەکات لێرەدا نووسەر دەبێ ئەوە بزانێت مەبەست لەم جۆرە چنینە چیە، بۆ ئەو شێوازە مامەڵەکردنە لەگەڵ خوێنەردا لە تۆیی خوێندنەوەی دەقدا، نوسەر بەهۆی چنینی سەرکەوتوو دەتوانێت لێکچواندنێك لە نێوان کەسەکان و هەڵوێستەکان و هەڵوێستە کانی نێو دەق دیاری بکات، بۆ ئەوەی دەق بە یەکگرتوویی دەرکەوێت، ئەویش لە ڕێگەی ڕێکخستنی مێژووی ڕووداوەکان و بەهێزی و لاوازی کەسەکان، دەبێت هەڵڕشتنی بابەتەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێکهاتەکانی

دەق، بۆ نموونە ئەگەر چیرۆك بێت ڕووداوەکان بۆ کەسێتی پاڵەوانەکان بگێڕێتەوەو هەر یەکە بە تواناو ئاستی خۆیدا بێت، چنین بە پێی ویست و ئامانجی نووسەر بۆ دەرخستنی هەریەکە لە بنەماکانی دەق بە پێی ڕەگەزە ئەدەبیەکە، بۆ نموونە ئەگەر چیرۆك بێت ئەوە نووسەر لە چنینیدا یان ململانێەکان دە کاتە ڕوویەکی سەرەکی چنینەکە یاخود کاتەکان لە چۆنیەتی دابەشکردنییان بەپێی سەرەتای دەست پێکردنی ڕووداو تا کۆتایی بە زنجیرە یاخود ئەو جۆرە گەڕانەوە و پێشخستنە کە لە بڕەگەکانی دواتری ئەم باسە بە وردی باسی لێوە دەکەین یان ڕاوەدونانی پاڵەوانەکان و کەوتنیان دەکاتە وێنە یان بەدوای دەرخستنی سۆزداری کاریگەری ڕووداوەکانەوە دەخولێتەوە، بەڵام دیارە بەشێوەیەکی گشتی بە دوو ئاراستەدا دەڕوات هەروەك چۆن ژیانی مرۆڤایەتی دابەشی سەر دوو ئاراستە یە (چاکەو خراپە)یە هەمان شێوە چنینەکە مەبەست دەبێت بۆ یەك لەو دوولایەنەو بەشێوەی جیاجیا دەردەبڕدرێت، کەواتە ئەرکی چنین هەروەك ئەرستۆ دەڵێت: دەبێتە هونەری بیناسازی بۆ بابەتەکە (الیزابیث دیل، ت: عبدالواحد لؤلؤە، ص١٦).

### ڕۆڵی زمان لە بینای دەقی چیرۆکدا:

مەبەست لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە داڕشتنی دەقدا چۆنیەتی دروستکردنی وێنەی جوان و سەرنجڕاکێشە لە پێناو گەیاندنێکی ئاسان و چێژدار، کەرستەش بۆ ئەو مەبەستە کەرەستەکانی زمانە، چونکە هەر لە سەرەتای چونە نێو دەق، خوێنەر یان گوێگر سەرنجی جوانکاری بەکارهێنانی زمانی نوسین دەداو دەرگای بۆ واڵا دەکرێت بۆ ئەوەی بچێتە نێو ناوەڕۆکی دەق یان گوتار، جوانکاری دەبێتە ئاوێنەی دەقەکە بەتایبەت لە چنینی دەقێکی هونەریدا دیارە چنین لە بواری دەقی ئەدەبیدا وەك نووسینی بابەتێکی زانستی نیە، کە تەنیا پشت بەزمانی ڕووت ببەستێت و دور لە جوانکاری، بەلکو چەندین هونەری تر هەنە دێنە نێو دەقی ئەدەبی وەك هونەری ڕەوانبێژی بە هەموو لقەکانیەوە لە پێناو جوانکردنی دەقەکە و یان شێوەی بونیات و لێك گرێدانی ڕستەو زاراوەکان بۆ بەخشینی وێنەی چێژدار بۆ خوێنەر، ستاندال پێی وایە جوانی دەق (پەیمانی دڵخۆشیە، بۆ هەستەکانی مرۆڤ[٣] (الجمالیة، ر.ف.جونسون: ت: عبدالواحد لؤلؤە، ص١٠)، ئەوە زمانە پەیوەندی نێوان فۆرم و ناوەڕۆك بونیات دەنێت، لە جوانیشدا بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە ، فۆرمە دەربڕاوی جوان و ناوەڕۆکی جوان دەبەخشێت، هەروەها پاش ئەوەی بەشەکانی بابەتەکەی لەگەڵ یەك گونجاو بن[٤] ( هۆراس و:حمید عزیز، هونەری شیعر) ، بە بڕوای هۆراس ئەگەر نووسەر چیرۆکێك بنوسێ و کەسێتیەکی داهێنراوی بۆ دروست بکات پێویستە کەسێتیەکە تا کۆتایی سیفەتەکانی هەروا بمێنێ کە لەسەرەتا وەسف کراوە، دەرخستنی ئەو جوانیەش لە ڕێگەی زمانی نووسەرەوە دەبێت کە چۆن بینای دە کات یان بەدوایدا دەگەڕێت، لە کۆندا تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەهای دەق لە جوانی دەربڕینەکەیدا یە کە زمانی نوسینی دەقە ، ستاتیکا یەك دیاردەی سادە نیە

بە لکو کۆمەڵێك دیاردەیە بە یەکەوە بەستراون و دەبنە بنەمای پێکهاتەی چنینی دەق، بە مەش بەهای بابەتی دەق بەهێز دەکاتەوەو پێوانەی لەسەر دەکرێ، کۆمەڵێك لایەنی تر هەن، دێنە نێو زمانی چنین لە پێناو ئامانجێکی دیاری کراودا، وەك فەلسەفەی ئەدەب کە پشت بە زمانی تایبەت دەبەستێت، دەگەڕێتەوە بۆ پشتەوەی چەمکەکان کە شاراوە یە و زۆر دیار نیە، بۆیە لە نێو دەقی چیرۆکدا ئامانجێکی دیاری کراوی نیشان کردوە کە لە کۆتاییدا یان لە لوتکەدا دەردەکەوێت بەهۆی

هونەری چنینەوە، ئایا تێڕوانینە بۆ بەراوردکردنی ڕووداو بە واقعێکی ژیان یان گەیاندنی پەیامێکی ڕۆشنبیری یان ئیرشادیە، جاری واش دەبێت زمانەکە تەنیا هونەر بۆ هونەرە،هیچ کارێکی هونەری نیە بە تەنیا بۆ جوانکاری بنوسرێت بخرێتە ڕوو، بەلکو هونەری جوانکاری لە پێناو سود و چێژ بەخشین دەبێت، ڕەخنە گران هەر لەسەردەمی ئەرستۆ تاوەکو ئێستاش چونە نێو دەق بە دەرگای جوانکارییەوە دەچوێنن ئینجا ئامانج و پەیامی دەق، کەواتە ئەو داڕشتنەی دەق دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دوولایەنی ڕوخسارو ناوەڕۆك، هەر دوولا ئاوێنەی هەڵسەنگاندنی یەکترن، دەق وەك تابلۆیەك وایە ئەگەر لە نزیکەو سەیری بکەین پەسەندی دەکەی یان جاری وا دەبێت لە دەرەوە جوانتر دەردەکەوێت کە دەکەوێتە سەر ڕوخسار و ناوەڕۆکەکەی(٤) ( هۆراس، هونەری شیعر ل٣٢)، پێوەریش بۆ ئاستی چنینی هەر تکستێك دەوەستێتە سەر چۆنیەتی تێهەڵکێشکردنی بەشەکانی تێکستەکە بە پێی ڕەگەزە ئەدەبیەکە چیرۆك بێت یان هۆنراوە یان ڕۆمان یان وتار....تد، چونکە هەریەك لە و ڕەگەزانە شێوازی چنینی خۆی پێویستە بۆ بەهێزی تێکستەکە، داهێنانی ئەدەبی بۆ هەر دەقێك پشت بە توانای نووسەرەکە دەبەستێت لە چنینی دەقەکەو داڕشتنی ئەندێشەی نووسەر بۆ بە یەك بەستنەوەی بەشەکانی دەق و ڕژاندنی هزرو پەیامی لەو ڕێگەیەوە بۆ نێو دەقەکە: دیارە ئەوەش بۆ گەیاندنی ئاسان و ڕوون لەلایەن وەرگرەوە تا چەند توانای وەرگرتنی ناوەڕۆکی دەقی دەبێت، لێرەدا چنین ئەو ڕێگەیە دەبێت چۆن بەهۆیەوە دەق چێژ بەخش دەبێت [٥](جمالیە النص الادب، د.مسلم جسب حسین، ل٥٦)، دیارە کە ئامانج لەچنین جیاکردنەوەی دەربڕینێکی ئاساییە لەدەربڕینێکی هونەری، ئەرستۆ پێی وایە شاعیر لەبەر ئەوە نیە پێی دەڵێن شاعیر شیعر دەنوسێ، بەلکو لەبەر ئەوەیە کە وشەکان بە شێوەیەکی هونەری وکاریگەر لە هەست ڕێکدەخات[٦](الزابیث دیل، ت: عبدالواحد لؤلؤە، ص٢٠) هەمووکەس ناتوانێت ئەو ڕێکخستن و جوانکاریە بکات کە کاری چێژ بەخشین و گەیاندنە .

## جۆرە کانی چنین:

چنینی دەق بەچەند شێوازو جۆرێك بونیات دەنرێت، ئەوەش دەوەستێتە سەر بنەمای خستنە ڕووی پێکهاتەکانی دەق بەهەموو شێواکانیەوە، ئەوەی گشتیە لە چۆنیەتی چنینی دەق دوو شێوازی دیارە یان دوو پێوەری چنین کە هەریەکە بە ڕێکخستنی بابەت و کەرەستەکانی دەق دیاری دەکرێت بەم جۆرە:

١- چننی یەکگرتوو یان (توندوتۆڵی) : لەم جۆرەیاندا کە ڕە ستەکانی ڕووداو یان پێکهاتەکانی دەق بە شێوەیەکی دانە براوو بە دوای یەکدا هاتوو ڕێکدەخرێت کە هەر بەشێك یان پەڕەگرافێك تەواوکەری ئەوەی پێشووترە، چینێکی پتەو دروست دەکات وەك یەك بابەت دەخرێنە ڕوو وەك بابەتی شیعری قەسیدەیەك لە پێیدا هەلگوتنا یان بەستنەوەی کەرەسەتەکانی کورتە چیرۆکێك بەیەکەوە، ریزکردنی ڕووداوەکان بەپێی بنەماکانی چیرۆك هەر لە سەرەتاو لوتکە و گرێچنی چیرۆکدا تا کۆتایی هاتنی بەشێوەیەکی زنجیرەی لەیەك نەپچڕاو بەڕێوە دەچێت .

٢- چنینی کراوە: بە بێچەوانەی یەکگرتوو ڕووداوەکان پاش و پێش دەکرێت و چەند کەسێتیەکی جیا جیا دەکەوێتە نیو باسەکەو بابەتەکە بەشێوەیەکی یەکپارچەیی دەرناکەوێت چ لە شیعر بێت یان لە جۆرەکانی پەخشان و دەبێتە ئاڵۆزبوونی تێگەیشتنێکی باش، دیارە هەریەك لەو جۆرە چنینانە سوود و زیانی خۆی هەیە، لە یەکەمیاندا ڕەنگە

خوێنەر بەشێوەیەك ئاسانتر لە ناوەرۆکی دەق بگات و ئامانجی پەیامەکەش بە روونی و خێراتر بگات، زۆر ترین ڕێژەی خوێنەریش لە مەبەستی دەق دەگەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جۆرەیان ڕەگەزی کاریگەری کەمتر تێدا دەردەکەوێت، دەبێتە کارێکی میکانیکی لە داڕشتندا و خوێنەر بێزار دەکات گەر بەردەوام بێت.

## شێوەکانی چنین:

ئەگەر دوو چیرۆك بخوێنینەوە کە ڕەنگە لە ناوەرۆکەدا لەیەك نزیك بن بەڵام دوای لێ وردبوونەوەی دەبینین دوو داڕشتن و چنینی جیایان هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ هونەری نووسەرکانیان لە بەکارهێنانی پێکهاتەو بنەما هونەریەکانی چیرۆك لە نێو دەقەکەدا، لە چیرۆکێکدا چنین ئاڵۆز و توندە گەرچی لە ناوەڕۆکدا لەگەڵ چیرۆکی دووەم لەیەك نزیکن و بەڵام لەوەی تر سادە و ڕەوانە بۆ هەمان مەبەست بەوەش خوێنەرەکانیان لەیەك جیا دەبێتەوە کەواتە نووسەر دیاری کردنی خوێنەرەکانی لە توێی چیرۆکەکەدا دەست نیشان دەکات ،ئەو ئامانجانە ش کە لە چیرۆکدا هەیەتی بۆ جۆرە کە سێکن هەژارن یان ڕەوشتێکی دیاری کراویان هەیە، مناڵن، گەنجن هیتر، ئەو چنینەنەش کە بەکاری دێنن دەبێت لەگەڵ ئاستە جیاوازەکان بگونجێت بۆ ئەوەی ئامانجەکەی بەدروستی بگەیەنێت .

## زمان وداڕشتنی وێنەی هونەری:

چیرۆك ئەو ژانرەی کە پێویستی بە زمانێکی تایبەت هەیەبۆ چنینی پێکهاتەکانی، ڕێکخستن و لێکدانی بنەماکانی چیرۆك زمانی جیای پێویستە لە هۆنراوە، لە چیرۆکدا بنەماکان ( کات، شوێن، رووداو، کەسەکان) داڕشتنێکی جیای دەوێت لە ڕەگەزە کانی ئەدەب، نووسەری چیرۆك دەبێ شارەزاییەکی باشی لە زمان هەبێت لە بەکارهێنانی ڕستەو دەستەواژەکان، لە چیرۆکدا ڕێکخستنی پێکهاتەکانی تێدایە و داڕشتنێکی جیای دەوێت، لە چیرۆکدا بیناسازیەکی تایبەتی دەوێت بۆ داڕشتنی پەیکەری رووداوێك و کارەکتەرەکانی، زمان لەنوسینی چیرۆکدا هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی چەند قۆناغ و گۆڕانکاری جیا جیای داڕشتنی تێدا دێتە کایەو گۆڕانی بەسەر دا دێت بەپێی جۆری رووداو یان شوێن و کات و کەسەکانی، زمان شێوەی کارەکە دیاری دەکات،پەیوەندیەکی بتەو لە نێوان زمان وبیردا هەیە، زمان ئاوێنەی هزری دەربڕاوە، نووسەر کە بیرۆکەیەك دادەڕێژێت سەرەتا زمانەکە لەناخی نووسەر بێ دەنگەو دابەشی سەر ڕووداوەکانی دەکات یان سەرجەم بنەماکانی چیرۆکی لەسەر دەچنێ ئینجا ئەو زمانە وەردەگێردرێتە سەر دەنگ و نوسین [٧] (فن الکتابة واشکال التعبیر، ص٢٥) ، واتە زمانی نووسەر لە پێش ئەوەی بخرێتە روو لە توێی دەق یان لە دەربڕینی دەنگدا لەناخی نووسەردا دایەلۆگی لەسەر دەکرێت لە چۆنیەتی خستنە روو چنیندا، بۆ ئەوەی ئەو چنینە ببێتە چاکترین شێوازو ئاوێتەی دەقەکە، لەوەشدا دەلالەتی شتێك دەگەیەنێت، هەر چەندە زمان فراوان بێت لە دەقدا ڕەنگدانەوەی بیری فراوانتر دەبێت پێچەوانەش ڕاستە، چیرۆکیش ڕەنگدانەوەی ئەو جۆرە بیرۆکانەن لای نووسەر رووداوەکانی پێ دەچنرێت، زمانی چیرۆکیش ڕووناککەرەوەی ڕووداوەکانیەتی بە بنەماکانی تریشەوە نووسەری چیرۆك کە داهێنانێك دەکات لەزمانەکەیدا بەو داهێنانە چنینی دەقەکە دەگۆڕێ بە پێی بەکارهێنانەکە، ئەو وێنانەی دەیانخاتە روو تەم ومژبێت یاخود روون بێت، بەهۆی زمانەکەوە ئاستی

خوێنەرەکانیشی دیاری دەکات، بۆ گشتی بێت یان بۆ تاخمە کەسێکی دیاری کراو شارەزاییان لەزمانەوان هەبێت و لەدەلالەتی وشەکانی بگەن، لە ڕێگەی زمانەوە ڕێژەی سوودو چێژی ویژدانی هونەرەکە لە ڕێگای زمانی بەکارهاتوو لەدەقەکەدا، زمان کەرەستەیەکی خاوە لە بەردەست نووسەری چیرۆك، بەڵام ئاستی فیکرو ئاستی شارەزایی نووسەر پێویستە شارەزایی لە بە کارهێنانی ئاستەکانی زمانیش هەبێت، (د.سعید محمد یدوی) پێیوایە، کە پێنج ئاستی بەکارهێنانی زمان هەیە، لەنوسیندا [٨] (البنیئة السردیة في الروایة، عبدالنعم زکریا، ص١٨١)، زمانێکی پاراوی کەلتوری گونجاوی سەردەم ،گشتی بۆ ڕۆشنبیران، گشتی بۆ خاوەن هزرەکانی ،گشتی بۆ خەڵکی گشتی، هەریەك لەو ئاستانەی زمان خەڵك و خوێنەری خۆی هەیە، بۆیە دەبێ نووسەر وشیارانە و بە ئاگا مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە ئاستانەی زمان بکات لەکردەی چنیندا، مەبەست نووسەری چیرۆکە، ئەگەرچی چیرۆك گێڕانەوەی ڕووداوێکە، بەڵام تاقیگەی زمانی نووسەرە، زمان ئەودەفرەیە وەسفی کارەکتەرە هەموو بنەماکانی چیرۆك دەگرێتە خۆ، دەتوانێت چێژبەخشیان بکات و دەقی چیرۆك بکاتە ئاوێنەی بونیاتەکانی، زمان بەرای (بالی) چەند ئاستێك دەبینێ لە پێشکەشکردندا وەك وروژاندنی سروشتی زمانی نووسەر و زمانی باوی نووسەر لەدەقدا، لەپشتی ئەو بەکارهێنانەدا ئامانجەکانی دەردەکەون کە چۆن هەستی خوێنەرە کان دەوروژێنن ئەمەش لە ڕێگەی کەرەستەی زامانەوانیەوە [٩] ( الاسلوب والاسلوبیە، بیرو چرۆ (ص٣٧)، نووسەر بەهۆی زمان وێنەی جۆراوجۆر دەچنێ لەدەقدا ئەم وێنانەش ئامانجی گەیاندن جێ بەجێ دەکەن کە پەیوەست دەبێت بە ئەندێشەی وەرگر (خوێنەر) (الیوت) پێی وایە زمان بەرپرسیارێتی سەرەکی دەبینێت لە داڕشتن و دروست کردنی وێنەی سەرنج ڕاکێش لە دەقدا ڕێگەی گەیاندنەکەی ئاسان دەکات و هەر زمانە ڕێبازی دەقەکە دیاری دەکات بەگونجاندنی لەگەڵ ئەندێشە [١٠] (اللغة في الادب حدیث، جاکوب کورك) ص٢٤٦) سروشتی زمان وا دەکات ئەو ووشانە هەڵبژێرن بۆ دەست نیشانکردنی هەڵوێستەکانی نێو دەقی چیرۆك، نووسەر ناتوانێ بێ لایەنی خۆی نیشان بدات لە دەقدا بەهۆی زمانەکەیەوە ڕستە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی دەقە، چونکە لەوشە بۆ ڕستە و ئینجا دەق وێنەکان دەڕەنگێنێ مەبەست هزری دەربڕاوە، لەئەدەبدا زمان پێکهاتەیەکە بابەتەکان ئامادە دەکات لەجولەکانی وشەدا، کە وشەیەك بۆمەبەستێکی ئەدەبی بەکاردێت دەخرێتەوە ناو چوارچێوەیەکی وێنەدا پەیوەندی بەوشەکانی ترەوە دەبێت، جیا دەێت لەو واتایەی کە لە فەرهەنگدایە تەنیا دەیبینێت وەك چۆمسکی ئامازەی پێکردووە (١١)(اللغة في الادب الحدیث، جاکوب کورك، ص١٠٩) ، لەبەر ئەوە ئەو وشەیەی لەکاری ئەدەبی بەکاردێت جیا دەبێت لە ووشەی لەکاری ڕۆژانە بەکاردێت، بەوەش فۆرمێکی ئەدەبی بۆ دەقێکی دیاری کراو دروست دەبێت لەوێنەکاندا، نووسەر پێش داڕشتنی وشەو ڕستە بیرۆکەیەکی لایە بۆیە لەدواتر بەدوای وشە کاندا دەگەڕێت کە بەهێزترین وێنەی پێدروست بکات بۆ ئەو بیرۆکەیە، بەهۆی زمانی نوسینی دەقەوە ناوەڕۆك بەرەوئاراستەیەکی دیاری ڕێبازەکان دەبات، هەر ڕستە یە سیستەمی داڕشتنی هزرە و چوارچێوەکەی دیاری دەکات ،زمانی ئاستی ڕستەکان دیاری دەکات بە پێی شوێنی وێنە، وێنە هەیە پێویستی بە ڕستە ی سادە دەبێت و ئاشکرایە هەندێ جار بۆ وێنەیەکی تر پێویستی بە ڕستەی ئاوێتە دەبێت لەهونەرەکانی چیرۆکدا وەك وەسف و مۆنتاج ودایەلۆگ و.......زمان شێوازی جیاجیابەخشی بەکاتی نووسەر بۆ هونەری کردنی دەقی چیرۆك پەنا دەباتە بەر وێنەی جۆراو جۆر و ئامانجی جیا جیا ( دروست کردنی ئەم وێنانە، یان ئامانج تاقیگایەکی هونەریە یاخود ئامانج بەرەمزکردنی

دەقە، یان بۆ شاردنەوەو بە دوورخستنەوەیە لە خەیاڵ، یان تابلۆیە کە نووسەر دەیخاتە بەردەست خوێنەر بۆ ئەوەی ڕەنگەکانی تێدابخاتە ڕوو نووسەر بۆ چنینی وێنەیەکی فراوان چەندین وێنەی بچوک لەیەك دەدات ئەمەش هونەری مۆنتاژکردنی ئەو وێنانەیە لە توێی ڕووداوەکانی چیرۆکدا نووسەر بۆ ڕوونکردنەوەو چێژ یان جێ بەجێ کردنی ئامانج و مەبەستەکانی خۆی تابلۆیەکی لێ دروست دەکات و بەخرپی لە پێش خوێنەری دادەنێت ناچار دەبێت پەنا بباتە بەر چەندین وێنەی هونەری جیاواز لە پێناو وەدەست هێنانی ئامانجی کۆتایی، بۆیە بۆ هەربنەمایەکی چیرۆك جۆرێك وێنەی گونجاو هەڵدەبژێرێت تا بتوانێت لە ئاسانترین ڕێگا دا چیرۆکێکی هونەری بچنێ.

## وێنەو بنەماکانی چیرۆك

وێنە لە سنور کێشانی کاتی ڕووداوەکاندا دەوەستێتە سەر ئەوەی چۆن نووسەر ئەوکاتە دابەش دەکاتە سەر پێکهاتەکانی چیرۆك ( سەرەتا، گرێ ،کۆتای) ئایا لەسەرەتادا بە وەسفی کات دەست پێدەکات و وێنەی خەیاڵی یان مەعنەوی لێ دروست دەکات، نووسەر بۆ دروست کردنی وێنەکان بەدوای شێوەیەکی گونجاو دا دەگەڕێت بۆ نیشاندنی وێنەیەك کە کاتەکە دیاری دەکات ئەگەر کات لە شەودا بێتیان بەرەو شەو بچێت،وێنەیەکی واتایی دەخاتە بەرچاوی خوێنەر کە دەربڕی تاریکی بێت کە سیفەتی شەوە، شەو بە تاریکی دەناسرێتەوەو یان کە وێنەی ئەستێرە باس دەکات بێگومان ئەستێرە لەشەودا دەردەکەوێت کە دەبێتە ڕەنگی وێنەیەکی لێکدراو لەواتاو هەستپێکراودا، واتە دوو وێنە بەیەکەوە کۆدەکاتەوە[١١] (بناتی وێنەی هونەری لا٢٠٩ سەردادگەری)، کاتی چیرۆك بەستراوە بە ڕووداوەکان چۆن بەر لە لە دروست کردنی ڕووداو نووسەر وێنەی کاتەکە دەکێشی کە بگونجێ لەگەڵ دۆخی ڕووداوەکەو، نووسەری سەرەکەوتوو بەدوای ئەووێنە هونەریانەدا دەگەڕێت کە لەگەڵ نیشاندانی خوێنەر بخاتە دۆخەکەوەو، واتە بچێتە نێو کاتی چیرۆکەکە روداو تێیدادەست پێدەکات، نووسەر دەبێ کاتەکەی بە دیزاینێکی ڕێك دابەش کردبێ بەپێی قەوارەی ڕووداوەکان، هەر لە دەست پێکردنەوە تا کۆتایی چیرۆك ، ئەوە خایاندنی کاتەو چنینی سەرکەوتوو ئەوەیە کە کاتەکانی لەلایەك گرێ بدات و ئاستی ڕووداوەکانیش لەگەڵ دەمی کاتەکانیدا بڕوات ، کاتی چیرۆك لە کارەکاندا دەردەکەوێت هەموو جۆرە مامەڵەی پێ دەکرێت لە ڕابردوو یان ئێستا یان لە ئایندە، پێوەندیەکی پتەوو ڕاستەوخۆ بەجۆری ڕوداوەکانەوە هەیە، ئایا ڕووداو مێژووییەو لەکۆندا ڕوویداوە، یان لە خەیاڵی پاڵەواندا یاخود دەشێ لە ئەنجامی ڕووداوێك لە پێشتر هەبووە و ڕووداوێکی تر لە ئایندە بەدوای خۆیدا بێنێت هەر لێرەشدا نووسەر کاتی دەست پێکردن و کۆتایی دیاری دەکات، نووسەر ناتوانێت لەسەرەتادا کاتی خایاندنی ڕووداو دیاری بکات لە چیرۆکدا چونکە ڕووداوەکان کاتەکان دیاری دەکەن، بەڵام دەکرێ بەکۆتاییەکەی ببستێتەوە بەچەندیەتی ڕووداوەکانی چیرۆك، لەوێدا دەستی بەسەر کاتدا دەشکێت کە چۆنی بیەوێت بینەخشێنی و کاتەکان یەکتر ببرن[١٢] ( الحبکة، البزابیث دیل، ت: عبدالواحد لؤە لؤە) ، دیاری کردنی کاتەکانیش لە ڕێگەی بەکارهێنانی کردارەکانەوە دەبێت ئایا ڕابردووە یان لەئێستادا یان لە ئایندە دەبێت چونکە کردارەکان کەرە ستەی کاتە جیاوازەکانن، کات وەك دەفرێکە ڕووداوەکانی تێدا دەخولێنەوەو یاریکەریش پاڵەوانی چیرۆکە ، کات بەردەوام دەبێت وەك بەرگێکی پاڵەوان لەهەر سەردەمێکدا بەرگێکی تر لەبەر دەکات، لەهەندێ کات یارمەتی دەر ی پاڵەوان دەبێت، لە

هەندێ شوێندا، هەر ئەوکاتە جاری وا دەبێت لەسەر دەمێکی تر لە پاڵەوان هەڵدەگەڕێتەوەو بەرگێتی تری پێ دەبەخشێت نەك خۆشی لە کاتێکدا و ناخۆشی لەکاتێکی تردا سەرکەوتن لە کاتێدا و ژێر کەوتن لەکاتێکدا، نووسەر ناتوانێك جێگۆڕکی بەکاتەکان بکات بەماشای خۆی کە لەگەڵ ڕووداو دا یەکانیگر نەبێتەوە ، بەلکو دەبێت شارەزابێت لە بەرکارهێنانی کاتەکان لە ڕێی جۆری کردارەکان و گونجان لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا،ئەو وێنەیە هەڵدەبژێرێت کە گونجاوە بۆ ڕووداو وەك دژواری ڕووداو لە شەودا یان لە چۆڵەوانیدا، هەلپەڕکێ، لە ڕۆژدا لە گۆڕەپاندا...دەبێ نووسەر لەپاڵەوان نزیك بێت یان لەشوێنی ئەودا بێت بۆ دۆزینەوەی ڕەوتی کارەکان لەگەڵ ڕووداوەکاندا.

## وێنە لە چنینی ڕووداوی چیرۆك:

لە ڕووداودا دەبێ بەسەرهاتێك یان زنجیرە بەسەرهاتێك هەبێت کەدیمەنێك نیشان بدەن وەك کردەیەکی سینەمایی بکەوێتە بەرچاوی خوێنەرو جولەی لەلا دروست بکات لەڕۆیشتنی بە دوایەکدا، دیارە ئەمەش بە ڕێکخستنی کۆمەڵێك ڕستەو دەستەواژە دەبێت بۆ ئەنجامدان و دروست کردنی ئەو وێنانە، نوسەری کارامە دەبێ ئاگاداری ئەو ڕێکخستنەی ڕستە و ووشەکان بێت لە دروست کردنی وێنەی کاریگەر [١٣] (گولبژێرێك لە هونەری چیرۆك نوسین،ئیبراهیم یونس، ل١٦) لە وێنەکێشانی ڕووداودا نووسەر خۆی بە دوور دەگرێ لە دووبارە کردنەوەی ڕستە لەکورتە چیرۆکدا، چونکە هێزی هونەرەکە لە ڕستەی چڕ و وێنە دار دایە،چێژی ڕووداو لەوەدا دەبێت کە ڕاستەوخۆ نیشان نەدرێت، بەلکو پێچ وپەنای بۆ دروست بکرێت، ئینجا بەرەو لوتکەی ببات، چنینی ڕووداو وا دەبێت لەسەرتای دەست پێکردنەوە ئاماژەیەکی پێبکرێت و بەچڕی بەرەو گرێ و ئاڵۆزکردنی ڕووداو بچێت، لەسیمای کورتە چیرۆك و چیرۆکی کورتیش کورتبڕیە لە دەربڕیندا، بۆیە دەبێت سەرەتاکەی لە چەند وشەیەك تێپەر نەکات بۆ ئەوی نووسەر بتوانێت مەودا بداتە گرێچنی لە لوتکەی چیرۆکەوە کاریگەریەکە بکەوێتە نێو گرێ ی چیرۆك، چیرۆکنووس لە دابەشکردنی ڕووداوی دەست نیشانکراو دەبێ بە ئاگابێ لە داڕشتنی سەرەتاو کۆتایی چیرۆك ، مۆباسان کە بەپێشەنگ و داهێنەری کورتە چیرۆك دەژمێردرێ دەڵێ: بۆ ئەوەی خوێنەر هەست بە بێزاری نەکات لە خوێندنە وەی چیرۆك دەبێ سەرەتا کورت بێت و کۆتاییش کت و پڕ بێت، پێویستیشە قورسایی چیرۆك لە گرێ ی ڕووداوەکەدا بێت [١٥] (کولن ولسون - : انیس زکي، المعقول ولامعقول الادب الحدیث،ص٢٠٦) ، کاری نووسەر ئەوەیە لە چیرۆکی سەرکەوتوودا قورسایی چیرۆکەکە بخاتە نێوەندی چیرۆکەکە کە گرێ ی چیرۆکەو لەوێدا دەردەکەوێت، ئەگەر چی هەندێ جار نووسەر یان هەندێك نووسەر ڕووداوەکە دەئاخنێتە سەرە تا بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر واز لە بیرۆکەکە نەهێنێ، تەنیا دەبێ تیشکێك یان ئاماژەیەك بدات وەك ناوهێنانێك یان بەشێکی کەم لەگشتی ڕووداو، ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت چیرۆك هەر لە سەرەتادا تەواو دەبێت، بەشەکانی تری چیرۆك (گرێ و کۆتای) دێنە نێو سەرەتاو چیرۆك چێژی نامێنێت، بۆیە دەبێت ئەو ئاڵۆزیە بکەوێتە پێش کۆتایی ڕاستەوخۆ ، سەرە تا دەبێت وەك پێشەکیەك بێت بۆ نیشاندانی یان ئاگادارکردنەوەی خوێنەر کە لەدوای ئەوە ڕووداوە گرنگە کە دێت، بۆ بزواندنی خوێنەر پێویستە سەرە تاش ڕوون و پەیوەست بێت بە ڕووداوی چیرۆك [١٦] (ابراهیم یونس، گولبژێرێك لەهونەری چیرۆك نوسین، ل٢٧)، لەچنینی سەرەتاشدا بەدوای ئەو وشانەوە دەبێت کە وەسفی ڕووداوی پێ دەکرێت،ئەگەر ڕووداو کاریگەر بوو، ئەوە بە وشەی توند

دەچێتە نێو ڕووداو و سەرە تاش ئاماژەیەك دەبێت بۆ ئەو توندیە ، یان ئەگەر خەیاڵ یان سۆزداری بوو ئەوە سەرەتا ئاوێنەیەكی ئەو لایەنە دەبێت،[١٧]( سۆزان لوهاظر، ـ :محمد نجیب الاعتراف بالقصة القصیر، ص٨٠) لە ڕێكخستنی وشەو ڕستە كانیش خاڵبەندی ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بۆیە لەو هەڵوێستانەی پێویستی بە وەستانە لە دەربڕینی دایەلۆگی كەسەكان یان لەكۆتایی هاتنی ڕستەی دەربڕاو، نیشانەی وەستاو دادەنرێت كەدەبێتە كۆتایی دوای قسەكەرێك بەرامبەر بە دووەم ، یاخود بوون و دانانی چەند خاڵێك بۆ هەبوونی وڵامێكی جفرەی كە پڕە لە بێدەنگی بۆ چنینی وێنەكانی نێو ڕووداو دەبێ لەمێشكی نووسەردا نەخشە كە دیاری كرابێت، ئایا بەرەو سەركەوتنە یان تێكشكان، لە چنینیشدا هەندێ نووسەر ڕەنگە بەو هێڵە ڕاستەوە بەرەو پێش نەچێت، بەلكو بەشێوەیەكی چەماوە ئەملاو ئەولا دەست پێ دەكات، دواتر بەو چەماوەییە بەرەو لوتكە هەڵدەكشێ، ئەمەش جۆرێكە لەشێوازی چنین وەك لای عەبدوللا سەراج هەیە كەخوێنەر دەخەلەتێنێ تا نەگاتە كۆتایی و لە ئامانجی چیرۆك نە گات، لەوانەشە لە خوێندنەوەش ببێتەوە، هەر تێنەگات، لەلایەكی دی شەپۆلی هۆش بەچ شێوەیەك دەئاخنرێتە نێو تەكنیكی چیرۆك لەلایەن نووسەرەوە چۆن مامەڵەی دەروونیانەی پاڵەوان لەنێو ڕووداوەكان وێنا دەكات، ئایا ڕووداو بەرەو سەركەوتن دەڕوات یان هەر لەشوێنێكدا لە ئاڵۆزیدا دەمێنێتەوە بەهۆی باری ناهەمواری دەروونی پاڵەوانەكانەوە ، ئەوە دەوەستێتە سەر نووسەر چۆنی هەڵدەچنێ لەو دەقەدا، لەوەشدا پێویستی بە زیرەكی و كارامەیی نووسەرە چۆن ئەو چنینە دەهۆنێتەوە كارەكان ڕێكدەخات .

## چنین لەشوێنەكانی چیرۆكدا :

گومانی تێدانیە كە ڕووداوی چیرۆك دەبێت پشت بە زەمەن ببەستێت وبوینات بنرێت، ڕووداویش پێویستی بە شوێن و زەمەنێك دەبێت كە تێیدا ڕوودەدا وەك ڕووبار، ژوور، شەقام قوتابخانە،چیاو شاخ....تد، شوێن لەیەك لەبنەما تەواوكەرەكانی ڕووداوە كاتێك باس لەڕووداوێك دەكرێت، خوێنەر بە فلاشەكەیەوە دەچێتەوە ئەم شوێنە بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ببینێ وێنەكەی دەكێشێ و لە خەیاڵیدا چوارچێوەیەكی بۆ دروست دەكات بەپێی ئەو ئاماژەیەی لەچیرۆكەكەدا دێت، لێرەدا ڕۆڵی نووسەر چیە لە نیشاندان و نەخشاندنی وێنەی شوێنەكانی، وا دەبێت نووسەر لە سەرەتادا لە وەسفێكی كورتدا وێنەیەكی شوێنی ڕوداو دەخاتە بەرچاوی خوێنەر، هانی خوێنەر دەدات بچێتە شوێنەكەو ڕووداوەكان لەوێدا ببینێ نووسە شارەزاییەكی پێویستە بۆ خستنە ڕووی مەیدانی ڕووداوەكان، ئەگەر وانەبێت ناتوانێت چیرۆكەكەی دابڕێژێ كە شارەزایی لێ ی نەبێت یان لە بارەیەوە وەسفی بۆ نەكرابێت، نووسەر دەبێتە چاوساغی خوێنەر و ڕاكێشی دەكات بۆ شوێنی ڕووداوەكان بەهۆی وەسفێكی وردو چڕ بۆ شوێنەكە یان دەبێت سیفەت و كەشی شوێن لەوە سفێكدا بخاتەروو كەخوێنەر بتوانێت بە ئاسانی وێنەی ڕووداوەكان ببینێ[١٨] ( الاعتراف بالقصیرة القصیرة، سوزان لوهاظر: ت: محمد نجیب لفتة، ص٨٧) شوێنێكی دەبێت، لەگەڵ جۆری ڕووداو كەسایەتیەكان تەریب وگونجا بێت، بۆ نموونە كێشەی نێوان ژن ومێردێك لەشوێنێكدا ڕوودەدات كە ماڵە یان كۆڵانی نزیك ماڵە، یان گوندێك ململانێی نێوان ئاغاوجوتیار كە هەردووكیان لەیەك شوێن دەژین بەڵام دژبەیەكن ،نووسەر هەندێ جار شوێنی جێگۆركێ دووەم،دەخاتە دوای شوێنی هاوبەش، چونكە لە دووەمدا یەكێكیان شوێنی یەكەم جێ دێڵێ بۆ دەرباز بوون ، كە بێگومان كەسە بێهێزەكە دەبێت،نووسەر دەبێ وردو

بەدیقەت بێت لە دارشتنی شوێنەکان و جێگۆرکێیەکەش دیاری دەکات لەکات وساتێکی گونجاودا [19] (گولبـژێرێك لە هونەری چیرۆك نوسین، ئیبراهیم یونس، و: نەبەز جیهانگیر،لا٦١-٦٢) ، شوێن بۆ ڕووداوی گەورە وەك لە یەکدانی دوو ئۆتۆمبێل، شەقام دەبێت نابێت شوێنێك وەك هۆڵ یان ژوور بۆ ئەم جۆرە ڕووداوە بەکاربهێنرێت، ئەگەر چیرۆکەکە خەیاڵیش بێت و بە مەزەندەی نووسەر باس لە ڕووداوێك بکرێت، بەلآم دەبێت لە بیری واقعیدا ئەم وێنەیە پەسەند بێت.

## بەشی دووەم

### ڕۆڵی زمان لە ئاراستەکردنی واتای چیرۆك:

مەبەست ئەوەیە چۆن ڕێگەیەك هەڵدەبژێرێت نووسەر بۆ گەیاندنی پوختەی واتای چیرۆکەکەی بەهۆی زمانی نووسینە کەی، کاتێك وشە هەڵدەبژێرێت، کە لە واتای فەرهەنگیدا بەکاردێت پێکانی ڕاستەوخۆ یاخود پەیوەند بە ڕستەی تری نێو دەقەکە لە دەرخستنی واتا کەوا، وشەو ڕستەکان ناتوانێت دابڕێت لە وشەو ڕستەی تری پێش خۆی یان دوای خۆی لەواتادا، ئەگەر چنینی دەق بەرەو تەم و مژی ببرێت ئەوە بێگومان وشەو ڕستەکان دوور دەخرێنەوە لە واتایە فەرهەنگیەکەی، ڕستە یەکەیەکی بچوکە لە نیو دەقدا چونکە تەنیا واتای مەبەست بەیەك ڕستە دەرناکەوێت بەلکو دەبێت تەواوی دەقەکە بخوێنرێتەوە لە بەکارهێنانی ڕستەدا لە نێو دەقی چیرۆکدا، پێویستە پابەندی یاساکانی زمان بێت وەك پێوانەیە کێش بۆ دەربڕینی واتای ڕاست ودروست،ئەگەر چی هەندێ نووسەر یاری بەویاسایانە دەکات و تێکیان دەشکێنێ کە ئەمە دەچێتە نێوشێوازی نووسەرەکە خۆی ،یان واتای دەوروبەر بەکاردێنێ وەك لەچیرۆکی ڕەمزیدا، بۆ مەبەستێکی دیاری کراو، یان ئەوەتە مەبەستی نەبێت بەڕوونی و ئاشکرا ئامانجێك بۆ خوێنەرەکەی بخاتە ڕوو، دەقی سەرکەوتوو ئەوەیە کە پەیوەندی بەفۆرمەوە نەبێت بەلکو بە واتاکەیەو بێت، [20] ( د.طالب حسین، واتا سازي، لا٤٨) ،نوسینی چیرۆکیش گواستنەوەی واتایە یان چەمك و مەبەستێکە ئامانجێکی دیاری کراوی بەدواوەیە،گواستنەوەی ئەوچەمکەش جێ بەجێ کردنی ئەرکێکە کە فراوان و هەمەجۆرە لەناوکۆمەڵدا ( سیاسی، کۆمەلآیەتی، ئابووری، ئایینی، ڕەخنەیی، تد...)، نووسەری چیرۆك نایەت وشەو ڕستەکان یەکەیەکە بە واتای فەرهەنگی و ڕوونی خۆیان دەربڕێت، ئەگەر بە ڕستەیەك بە تەنیا دەربڕێت ڕەنگە واتایەکی فەرهەنگی جیاواز بگەیەنێت وەك ئەوەی لەنێو کۆمەڵێك ڕستەدا بەکاردێت،بۆنموونە کە دەنووسرێ یان دەگوترێ: (دزیەکەی ئەوان ئاشکرابوو)، ئەگەر ئەو ڕستەیە هەر بەتەنیا بێت چەند واتایەکی جیا جیا دەگەیەنێت، بەلآم کە لە نێو کۆمەڵێك ڕستەی بینراودێت بەپێی سیاقی واتاکەی دەردەکەوێت، پێی ناوێت نووسەر ڕاڤە بۆ واتاکەی بکا، چەند واتایەك بە تەنیشت یەکەوە یان بەدوای یەکەو بێت، ئەوەچەمکێکی فراوانتر دروست دەکەن، کە ڕووداوەکەی چیرۆك ڕونتر دەکات، نووسەری چیرۆك ئاراستەیەك دیاری دەکات لە نێو دەقدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی جۆراوجۆری ڕستەودەستەواژەکانی بۆ چنینی چیرۆکێك و ئەوشێوازە بەکارهێنانەی نووسەر دەبێتە ڕێبازی نووسەرەکە لەچۆنیەتی نوسین ودارشتنی چیرۆك، ئەگەر خوێنەر پێشتر چەند چیرۆکێکی نووسەرانی خوێندبێتەوە بەهۆی شێواز وچنینەکە هزری نووسەرەکە دەخوێنێتەوە، لە دارشتنی ڕستەکاندا نووسەر بە پێویستی نازانێت هەندێ وشە هەیە بۆ

خوێنەر لەدەقدا بەكاری بێنێ چونكە لە بەهای داڕشتنەكەو چنینەكە كەم دەكاتەوەو بۆ نموونە وەك: (هەروەها، ئەگەر، لەبەر ئەوە....تد) چونكە خوێنەر پێویستی بەم وشانە نابێت بۆ شیكردنەوە ئەگەر وابێت ئەوە هونەری چیرۆك لاواز دەبێت و بەرەو وتار دەچێت خوێنەر لە مەبەست وئامانجی نووسەر دەگات لە نێو دەقدا كەزیاتر هونەری تێدا بەكاربێت كارامەیی نووسەر لەوەدایە كە چەند خۆی لەم جۆرە داڕشتنە وتاریە بە دووربگرێت ولەبە یەك بەستنی وشەو ڕستەكان دەتوانێت لەچڕیدا ئامانجی خۆی بگوازێتەوەو لای خوێنەر ڕستەیەك یان دەستەواژەیەك بەپێی وشەی بەستنەوە یان ئامرازی بەستنەوە تەواوكەری ڕستەو دەستەواژەكانی پێشتر دەبن [21]( واتاسازي،د.طالب حسین، ل٥٩)، لە چیرۆكدا نووسەر پەیڕەوی سیستەمێك دەكات كە هەر ڕیزكردنی وشە نیە بەدوای یەكدا، یان ڕێكخستنی ئاوازەی وەك لەهۆنراوەدا دە بینرێت، بەلكو چنینێكی هونەری ڕستەكانە، بۆ بەخشینی واتای دروستی ڕووداوەكان وگەیەنەر، هونەری چنینی ئەركێكی تایبەتی هەیە گەیاندنی واتاو ناوەڕۆكی دەقی چیرۆك، ئەوەش بەڕێكخستنی كەرەستە جیاوزەكانی زمان دەبێت، وەك ڕێكخستنی ڕستەكان، پریپۆزشنەكان و بەستنەوەیان لەكاتی پێویست بۆ واتایەكی بەهێز، لە خستنە ڕووی چیرۆكیشدا چەندین جۆری چنین هەیە بەكاردێت بەهۆی دەستەواژەی جۆراو جۆرەوە وە:

١- چنینێك پشت بە زنجیرەو بەدوای یەكدا هاتنی ڕووداو دەبەستێت: واتە نووسەر ئەو ڕستەو وشانە بەكاردەبات كە پەیوەست بێت لە سەرەتاوە بە ڕووداوەكان قوت كردن وەیان لەسەرەتای چیرۆكدا، بۆ ئەمەش وشەودەستەواژەی تایبەتی دیایدەكات .

٢- چنینێك پشت بەخستنە ڕووی كەسەكان دەبەستێت بە وشەی وەسف ودیاری كردنی كەسێتیان لەچۆنەتی بیركردنەوەو سۆزەكانیان، لێرەوە سەرنجی خوێنەر بەرەو ڕووداوەكان و بنەماكانی چیرۆك دەبات .

## چۆنیەتی بینای هونەری نووسینی چیرۆك :

نوسەری چیرۆك ئازادە لەچۆنیەتی داڕشتنی چیرۆكەكەی وشێوازەكەی، ئەوەش دەوەستێتە سەر تواناو كارامەیی نووسەر كە چ ڕێگەیەك هەڵئەبژێرێ وكاریگەری زیاتری دەبێت لەسەر دەروونی خوێنەرە كانی، لەچیرۆكدا هەندێ لایەن هەیە دەبێت نووسەر ڕووی تێ بكات و فەرامۆشی نەكات ئەویش دابەشكردنی بابەتی چیرۆكەكەیە بەسەر سێ بەشی دیاری چیرۆك وەك (سەرەتاو لوتكەوگرێ وكۆتایی)، چیرۆك، كارامەیی نووسەر لێرەدا لەوە دەردەكەوێت كە چۆن ئەوە بەشانەی دادەڕێژێ وپەیوەستە بە قەبارەی دەقی چیرۆك ،ئایا ئەو بەشانە بە ڕوون و ئاشكرا و تێروتەسەل دەردەكەون یاخود شێوازی جۆراو جۆری پێویستە بۆ ئەوەی چیرۆك كاریگەر بێت دەبێت نووسەر ئەووێنانە بەو شێوەیە بئاخنێتە نێو بەشەكانی چیرۆك كە گونجاوترین شێوەو داڕشتنی بۆ بكات و لەگەڵ كورت ودرێژی ڕووداوەكان گونجاو بێت ڕەخنە گران بە پێویستی دەزانن، كە چیرۆك كورت بێت یان ئاسایی بێت سەرەتاكەی دیار بێت، چونكە دیارە كە چێژو كاریگەری چیرۆك لە سەرەتاكەیدا دەردەكەوێت لەوخاڵەدا نووسەر دەتوانێت خوێنەر پەلكێشی نێودەقی چیرۆك و بابەتەكەی بكات، هەندێ جار وا پێویست دەكات كە ناوونیشانی چیرۆك ببێتە سەرەتاو دەست پێكی چیرۆك ئەگەر ناونیشان بەهێزو گونجاو بێت لەگەڵ ئامانجی دەق ئەوە خوێنەر هەر لەوێدا سەرەتای چیرۆك دەبینێ،ئەگەر ناوونیشانی كەم وكورتی لە هێزدا تێدا بێت،بێگومان

دەبێتە هۆی دورکەوتنەوەی خوێنەر لە خوێندنەوەی دەقەکە، دواتر ئەگەر نووسەر لەسەرتادا دەستی پێکرد بە گێڕانەوە ئەوە تەواوکەری ناوونیشان دەبێ ئینجا دەتوانێت ڕێگەی هێنانە ناوەوەی خوێنەر خۆش بکات وەك لەو شێوەیەدا دەردەکەوێت:




کاتێك نووسەر توانی ناوونیشانێکی بەهێز دابڕێژێت ئەوە دەبێتە سەرەتای چیرۆك ودەروازەیەك بۆخوێنەر ،نووسەر لەسەرەتادا کەسەکانی چیرۆك چ لە ڕێگەی وەسفەوە بێت یان لەرێگەی هەڵس و کەوتەکانەوە بێت بەخوێنەریان دەناسێنێ، زانیاریەکانیش بەشێوەیەکی گشتی نابێت کە ئاماژەی پێ دەکرێت زۆر ڕوون بێت، چونکە دەبێتە نووسینێکی ئاسایی و چێژی خوێندنەوە لەدەست دەدات، سەرەتا تەنیا ڕێگە خۆشکردن دەبێت بۆ چونە نێو دەقەکەو ڕووداوەکانی چیرۆك، ئەو سەرەتایەش شێوەی جیا جیا لە وەسفی بنەماکانی چیرۆك دەست پێ دەکات، یان بە گێڕانەوەی یاخود دایەلۆگ دەبێت، ئەگەر لە کەسەکان دەست پێ بکات ئەو بەشی زۆری بە وەسفی ڕاستەوخۆی کەسەکان دەبێت یان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، لەڕاستوخۆدا نووسەر یان گێڕەرەوە باس لە سیفەتەکانی کەسەکان دەکات کە تێکە ڵ دەبێت بە ڕەنگ و شێوەی کەسەکان، وەك وەسفی باڵاو دەم وچاو و ڕەنگی پێست، ئەگەر یەك لەشێوەکانی گێڕانەوەو بە وەسفی بنەمایەکی تری چیرۆك وەك کات ئەوە هەمیشە دەبێتە هۆی دەست نیشانکردنی دەقی ڕووداوەکە لە سەرەتاوە بەڵام نابێت بەشێوەیەکی گشتی بێت چونکە چێژی چیرۆك کەم دەکاتەوەو،تەنیا کاتی دەست پێکی ڕووداو و کاتەکانی تری خایەنراو لەدواتر دێت کە دەکەوێتە گرێچنی لوتکەو دواتریش کۆتایی هێنان، لەگەڵ کۆتایی هاتنی ڕووداو کاتەکان تەواو دەبێت، بە پێچەوانە کاتێك ڕووداو تێکەڵ بەیەك دەبن و دەکاتە لوتکە لەگرێی چیرۆکەکەدا کۆتایی نزیك دەبێتە، بەڵام جاری وا دەبێت نووسەر چەندین ڕووداوی ئاڵۆز نیشاندە دا کە بە لای خوێنەرەوە ئەوێ لوتکەی ڕووداوە، بەڵام دواتر کۆمەڵێك ڕووداوی ئاڵۆزتر نیشاندەدات کە خوێنەر زەینی بۆ ئەو ناچێت و درێژە دەکێشێ،کۆتایی چیرۆکیش پەیوەندیەکی بتەوی بەسەرەتای چیرۆکەوە هەیە، سەرەتا ئاماژەیەك نیشان دەات بۆ گرێ ی چیرۆك بەڵام بە ناتەواوی چونکە ئەگەر لەوێ ئەو کارە بکات، ئەوەچیرۆکەکە تەواو دەبێت، کۆتاییپێهێنانی چیرۆکیش شێوازی جۆراو جۆری هەیە، بەشێك لەڕەخنە گرانی پێیان باشە کۆتایی چیرۆك کت و پڕ نەبێت چونکە کۆتایی کۆکەرەوەی ناوەڕۆك ومەبەستی دەقەکەیە، بەڵام مۆباسان ئەوەپەسەند ناکات و بەڵکو کاتێك ڕوواو دەگاتە لوتکە،پێویست بە ردێژایی بێزارکەر ناکات، لە چنینی چیرۆکیش چەندین شێوە بەکاردێت وەك:

**گێڕانەوە:**

کە بنچینەی بویناتی گشتی چیرۆکە، هیچ نووسەرێك ناتوانێت خۆی لەم شێوەیە بەدوور بگرێت، ئەرکی گێڕانەوە خستنە ڕوی بەش وبنەماکانی چیرۆکە لە شێوەیەکی هونەریدا، هەڵوێستی ئاستی زمانە لە گێڕانەوەی ڕووداوی چیرۆك یان هەواڵی نێو چیرۆك، نووسەر لەگێڕانەوەدا کەرەستەی زمانی زۆر لەبەر دەستەو هەڵبژاردنی تێدا دەکات بۆ خستنە ڕوویەکی گونجاو، زمان دەبێ لەگەڵ سروشتی دەقەکە تەریب بێت، ئەوەی لە دەقدا دەردەکەوێت، دەشێ وەربگێڕدرێتە سەر هەڵس و کەوتە

مرۆییەکانی قارەمان وشوێن و ڕووداو، گێڕانەوە زانیاری نێو چیرۆك ڕێکدەخات و جۆری بەکارهێنانی زمانەکە هەڵدەبژێرێت سادەیە یان ئاڵۆزە، گێرانەوە چەندین شێوەی هەیە، هەندێ جار لەوێنەکان ئاماژە بۆ بنەماکانی چیرۆك دەکات، لەگێڕانەوەشدا، چەندین ڕێگا هەیە، وەك:

- گێڕانەوەی خودی
- گێڕانەوەی بەڵگەنامەکان
- گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ

زمانی گێڕانەوە هەڵگری بابەتی چیرۆکە لەنووسەرەو بۆ خوێنەر، نووسەر پەیڕەوی سیستەمێك دەکات کە چنینێکی هونەری بێت، تەکنیکی گێڕانەوەی چیرۆك جیایە لە گێڕانەوەی ڕەگەزەکان وەك ( حیکایەت و ڕۆمان) چونکە دەچێتە نێو شێوازە تایبەتی وکەسیەکانی گێڕانەوە هەر لەناوونیشانەوە سەر هەڵدەدات، دەست پێ دەکات، دەرگای چوونە ژوورەوەی خوێنەر بۆ نێو دەق، بەڵام گێڕانەوەی بەهۆی گۆڕانکاریە شێوازەکان گۆڕانی بەسەردا هاتوە، بۆ نموونە لەگەڵ پەیدابوونی شەپۆلی هۆش بەکارهاتنی لەچنینی چیرۆکی نوێدا وەك تازەگەریەك شێوازی گێڕانەوەشی گۆڕی، لەگێڕانەوەیەکی ئاسایی بەرەو گێڕانەوەی هەڵس و کەوتی ناوەوەی مرۆڤ ، چەندین هونەری تر لەنێو گێڕانەوەدا سەری هەڵدا وەك مەنەلۆج و مۆنتاج کردنی بەش و بنەماکانی چیرۆك و، تێخزانی خەون و ولایەنە دەروونیەکان وهونەری پاش و پێش کردنی بنەماکانی چیرۆك، هاتنی چەندین هونەری تازەو لە مۆنتاچ و سیناریۆو فەزای دەق وایکرد کەوا خوێنەر زۆر ئاگای لە گێڕانەوەی ئاسایی نەمێنێت ، لەگێڕانەوەدا نووسەر چەند شێوازێك هەیە بەکاریان دێنێ بۆ گونجاندن لەگەڵ کەسی چیرۆك و ڕوولیان لە ڕووداوەکاندا.

- شێوەی ڕاستەوخۆ: گێڕەرەوە زمانی کەسانی چیرۆك دەخاتە ڕوو بەزمانی ئەوان قسە دەکات، کەسەکان ناچنە شوێنی گێڕەرەوە یان بە پێچەوانەوە وەك دەربڕینی نێو دایەلۆگی کەسەکان.
- ناڕاستەوخۆ: نووسەر گێڕەڕەوەیەو لەجیاتی کەسەکان دەدوێ،
- ناڕاستەوخۆی سەربەرست: ئەوەش تێکەڵ لە نێوان قەسەی گێڕرەوەو کەسەکان، هەردوو جێگۆڕکی دەکەن [٢٢] ( تقنیات السرد، د.یمتی العید، ص١٦٤) نووسەر لە چوارچێوەی چنینی چیرۆکدا پێویستی بە وردبوونەوەی هەمەلایەنی هونەرەکانی زمان و بینای پەیکەری چیرۆکە، هەر لەچۆنیەتی هۆنانەوەی سەرەتاو چوونە نێو ئاڵۆزی گرێ ی چیرۆك وکۆتاییهاتنیکی کاریگەر لە دوا وشەی چیرۆکدا، ئەگەر نووسەر ڕەچاوی ئەم لایەنانە بکات، نووسەرێکی سەرکەوتوو دەبێت، دەقەکەش سوودبەخش دەبێت، فەزای دەقی چیرۆك بەو هەموو لایەنەی چنین هەڵسەنگێنەری نووسەر دەبێت.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١- اليزابيث ديل، ت: عبدالواحد لؤه لؤه، بغداد، دار الحرية، ١٩٨١.

٢- ببير جيرۆو، **ت**: منذر عياش، الاسلوب والاسلوب، لوبنان.

٣- چاكوب كورك، ت: ليون يوسف، اللغة الادب الحديث، بغداد، ١٩٨٩.

٤- ر.ف. جونسو، ت: عبدوالحد لؤه لؤه، بغداد، دار الحرية، ١٩٧٨.

٥- سۆزوان لوهاڤر،ت: محمد نجيب لفتة، الاعتراف بالقصة القصير، بغداد، ١٩٩٠.

٦- كولن ولسون، ت: انيس زكي حسن، المعقول واللامعقول في الادب الحديث، بيروت، ١٩٧٨.

٧- عبدالمنعم زكريا القاضي، البيئة السريو في الروائية جامعة كويت، ٢٠٠٩.

٨- مسلم حسب حسين، جماليات النص الادب، لندن، ٢٠٠٧.

**سەرچاوە کوردیەکان:**

٩- ئیبراهیم یونس: و: نەبەز جیهانگیر پور، گوێدرێژێك لە هونەری چیرۆك نووسین.

١٠- هۆراس، و: حمید مژین، هونەری شیعر، بەغدا، ١٩٧٩.

١١- طالب حسین، واتاسازی ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات.٢٠١١.

**خلاصة البحث**

حبكة القصة او كتابة القصة بصورة عامة يحتاج الى قدرة الكاتب على المهارة في تفنن مقومات وبناء القصة بصورة فنية و امكانية الكاتب على المعرفة اللغوية بصورة واسعة، كتاب القصة المهتمين بهذا النوع من القصة يجب عليهم قبل كل شيء على تنظيم المفردات اللغوية والفنون الكتابية لكتابة هذا النوع من النص القصصي، حبكة القصة القصيرة تختلف اختلافا شاسعا عن حبكة الرواية و القصة العادية، لأن الكاتب في هذا النوع من الحبكة يتمكن في تقصير اللغة تقسيمها بشكل ايجابي على اقسام القصة من بداية القصة ثم الى النهاية، كذلك التعامل مع الزمن والمكان والبطل والحدث)، يمكن ان يقال عند بعض القراء لماذا الاختلاف مادام المقومات الموجودة في الرواية هي نفس المقومات في القصة القصيرة، ونقول الاختلاف هو التعامل مع اللغة في كلا الجنسين في الادب، فان هيكل القصة القصيرة، يظهر حيويتها عند ايصال المعنى بصورة غزيرة وقصيرة، فان الكاتب، في بعض الاحيان يخط بعض اشكال هذه المقومات ويجبر القارئ الى فهم القصة بصور غير مباشرة، لهذا النوع من النسج يحتاج الى كتاب لهم مهارات ومستوى ثقافي وكتابي عالي للتفنن في كتابه واختيار لفضه القصة.



## Abstract

As a general the grid of the story or the writing of the story needs the capacity or the competence of the written or the author how to construction the story artic ally and his wide authority about the language cognition. To get attention to this kind of the story, before everything, he must organize his language lexically to author this kind of story text. The grid of short story is different than the other kinds, because to grid of this kind of story the author can finalize his language and positively classification, on the part of the story from the beginning to the final of the story ad how he treats with tine, hero, and events. It must be possible to ask (if the rules are some in the story and the Novel why we make difference? We can say that the different between the contains in how to treat with language in these two kinds. The body of the story, we can communicate more meaning in a short expression.